

# ئەرەستۆ

## ژیان و کارەکانی

ئەی. ئی. تایلۆر

وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: ئاوات ئەحمەد

(1)

## ژیان و کارەکانی

ناوی فەیلەسوفان، ئەوەندەی ناوی شاعیرە مەزنەکان پێمان ئاشنا نین. زەحمەتە خوێنەرێکی باشی ئینگلیز ناوی سۆفۆکلیس یان مۆلێری نەبیستبێت. خوێنەرێکی باش هەرهیچ نەبێت دەزانێت ئەو دوو نوسەرە کێ بوون، دەتوانێت لە نهێنی ئەنتیگۆناو میسانترۆپ تێبگات. ئێمە بە یەکێك دەڵێین خوێنەرێکی زۆرباش، کە چەند شیعرو پەخشانێکی مێژووی دێرین لە یادەوەریدا هەبێت، گەرچی شتێکی ئەوتۆش دەربارەی دێکارت یان کانت نەزانێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێك فەیلەسوف هەن کاریگەرییان لەسەر هزرو زمان ئەوەندە فراوانە کە خوێنەرێك نیە ناوەکانیان نەزانێت، پیاوێکی رۆشنبیری ئەوروپایی کە باسی زمان دەکات، وشەو زاراوەکانی ئەوان بەکاردەهێنێت. لەناو ئەمانەدا ئەرەستۆ لەسەرووی هەموویانەوەیە. ئێمە ناویمان بیستووە، وەك چۆن هەموومان ناوی هۆمیریشمان بیستووە. کاریگەریی ئەرەستۆ لەسەر تیۆلۆجیا ئەوەندە زۆرە کە زۆربەی کەنیسەکان تێڕوانینەکەی ئەویان لەمەڕ گەردوون هەڵگرتۆتەوە. ئەگەر ئێمە بایەخ بەگەشەکردنی زانستە مۆدێرنەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێت هەندێك لە زانیارییەکانی ئەرەستۆمان بۆ تێگەیشتنی بیکۆن و گالیلۆو ئەو مەزنانەی تر پێویستە، کە لە تێڕوانینیاندا بۆ سروشت، دژی ئەرەستۆی خوڵقێنەری زانستی مۆدێرنن. ئەگەر بچینە سەر ئەدەبە ئەندێشەییەکەی زمانە مۆدێرنەکان، ئەگەر ئاگاداری فەلسەفەکەی ئەرەستۆ نەبین ناتوانین کتێبە بەنرخەکەی دانتێو زۆرێك لەکارەکانی چاسەرو شکسپییرو میلتۆنیش، بەتەواویی تێبگەین. ئەگەر بشچینە سەر زمانی ئاسایی، دەبینین ناتوانین لە زۆرێك لە گۆڕانکارییە ئاشناکانی ئاخاوتنی مۆدێرن تێبگەین، بێ تێگەیشتنی ئەو پێڕەوەی سەرەتا لێیەوە سەریانهەڵداوە. بۆیە مەبەستی ئەم کتێبە بچووکە ئەوەیە یاریدەی خوێنەرانی ئینگلیز بدات بۆئەوەی باشتر لەو زمانە ئاشنایە تێبگەن‌و ساناتر لەگەڵ کارەکانی دانتێو شەیکسپیەرو بیکۆن‌و میلتۆندا مامەڵە بکەن.


ئەرستۆ

## ژیانی ئەرەستۆ

دەتوانین بەکورتی باسی راستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەرەستۆ بکەین. لە ساڵی 385 یان 384 ی پێش زایینـدا لە ستاگیرۆس لەدایکبووە، کەشارێکی بچووکە لە نیمچە دورگەی خاڵکیدیك، کە تائێستاش زۆرجار بەناوە دێرینەکەیەوە بانگدەکرێت. لە تەمەنی شەست‌و دوو ساڵیدا، لە کاڵیکسی ئێوبا دەمرێت. ئەرەستۆ هاوچەرخی دیمۆسین بووە. لەسەردەمی گەنجیدا، ئاگاداری کێشەو ململانێیەك بووە کە سەرەنجامەکەی دامەزراندنی شانشینی مەکەدۆنیا بووە وەك دەسەڵاتی باڵا لە ناوچەی هیلینییەکاندا. ساڵانی دواتریشی لەگەڵ ئەسکەندەری مەزنی قوتابییدا بەسەربردووە کە ئیمپراتۆرییەتی فارسی رماندو شارستانێتی یۆنانی گەیاندە کەنارەکانی جومنا. لەپێشچاوگرتنی ئەم راستییانە لە لێکۆڵینەوەی تیۆرییە بنەڕەتییەکانی ئەرەستۆدا، شتێکی گرنگە. ئەوانە یاریدەمان دەدەن بۆ رونکردنەوەی ئەو دیمەنەی ئەگەر وانەبوایە وەك

شتێکی نامۆ بەو پیاوە مەزنەوە دیار دەبوو. ڕۆشـنایيەکی زۆر دەخەنە سەر باوەڕی بەتینی فەیلەسـوفەکەمان بـە ناتـەواويی سروشتییانەی بەربەرییـەکان. هـەروەها ئەوەشـی لـەبیرە کـە خۆی لەناوچەیەکی دوورەدەستدا گەورە بووە، لەوێ ژیـانی بەربەرییانە شیوازێکی ئاسایی ژیان بووە. بۆیە بـەلای ئـەوەوە جیاکردنەوەی گریكو بەربەرییـەکان لەیـەکتریی وەك هێڵـە ڕەنگییەکەی ئەو ئەمریکییانە وابوو کە لە باشوری ولاتەکەوە هـاتن. بۆیـە دیسـانەوە کاتێـك بـە ناوچـەگەرێتییەکەی ئـەو کاریگەر دەبین، ئیدیالی دەولەتشـارە بچـووکەکان، کـە بـە شـێوەیەکی هێورانـە حکومـەتی ئۆلیگـارکی بـوون، بـەلای ئەرەستۆوە سیستمێکی باشەو گرفتێکی کۆمەلایەتی تێدا تیـە، بـەلام بێبەرییـە لەدابونـەریتی مـەزنو ئامـانجی دوورمـەودا، پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە خودی فەیلەسـوفەکە خۆشـی لە کۆمەلگایەکی ئاوا بچـوکی بـێ رابـردووی بـێ ئاینـدە. شارە خالیکدیکییەکانەوە هـاتووە، کـە لـە سـەرەتادا وەکـو کۆلۆنییەکانی شارۆچکەی خالێـك لـەئێوبا، دامـەزرێنراون، هــەروەك نــاوی نیمچــەدورگەکە ئامــاژەی بۆدەکــات. کۆرینسـیش کـە دەکەوێتـە هـەمان ناوچـەوە، شـوێنێکی نیشتەجێبوونی هەمیشـەیی بـووە. لـە لوتکـەی گەشـانەوەی ئەسینای ئیمپراتۆرییدا، لەسەردەمی پێریکلێسـدا، لـە ڕووی سیاسییەوە ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆلی ئەسیناوە، بەلام لـە دواین سالی جەنگی ئارخیدامیدا، بەهۆی بلیمەتیو لێهاتوویی بارسیدێسـی سـەرکردەو دیپلۆمـاتی سـپارتاوە، لـە چـنگی ئەسینايیەکان دەرهێنرایەوە. لە سـەرەتای سـەدەی چـوارەمدا شارەکانی خالێکـدیك، خۆیـان هەولیانـدا فیـدرالێزمێك بـۆ خۆیان دابمەزرێنن، بەلام سپارتا هەرەسی بە جولانەوەکە هێناو شارەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆلی شانشینی تـازە سـەرهەلداوی مەکەدۆنییەوە، لـەو کاتـەدا ئەرەسـتۆ سـاوا بـوو. نەوەیـەك دواتر، بەهۆی پیلانێکی دووسـەرەی شـارەکانەوە لـە نێـوان فلیپی مەکـەدۆنیو ئەسـینايیەکاندا، شانشـینەکە لـەکارخراو دواجار نیمچـە دوورگەکـە لەگـەل شانشـینی مەکەدۆنییـدا یەکی گرت. هـەروەها ئـەوەش گرنگـە کـە سـەرنج بـدەین فەیلەسـوفەکەمان لـەناو گرووپـی ئەسـکلیپیادەکاندا لـەدایکبووە، ئـەوان پشتاوپشـت پزیشـکی لێهـاتوو بـوون، نیکۆماخۆسی باوکی سەرۆك پزیشکانی ئامینتاسی سێهەم بوو، ئەو پادشایەی سپارتییەکان لەبەر بەرژەوەندیی ئەو کۆمەلـەی خالیکدیکیەکانیان هەرەس پێهێنا، ئەم پێوەسـتبوونە زووە بـە پزیشـکیو ژیـانی سـەختی مەکەدۆنییەکانـەوە، بـە باشـی هـەژمونی بایۆلۆجیـا بەسـەر بیرکردنـەوەی فەلسـەفییانەی ئەرەسـتۆو حـەز نـەکردنی لـەمیرانو فـەرمانڕەوايان لێکدەدەنەوە. لە تەمـەنی هـەژدە سـالییدا ڕەوانـەی ئەسینا دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو ڕۆشنبیریی بالاتر. لـەوێ پەیوەندیدەکات بە ئەکادیمیاکـەی ئەفلاتونـەوەو دەوروبـەری بیست سـال وەکـو ئەنـدامێکی گروپـی زانسـتی لـە دەوری مامۆستاکەی دەمێنێتەوە، تا سەروەختی مردنـی ئـەفلاتون لـە سالی 347 – 346 ی پێش زایینـدا. سـێ سـالی یەکـەمی دوای مردنی ئەفلاتون، ئەرەستۆو هیرمیاسی هـاوڕێو قوتـابی خۆی لە ئاسیای بچـووك مانـەوە، دواتـر هیرمیـاس بـوو بـە پادشای شاری ئەترانیۆس لە ئیۆلیس، بەشـی زۆری توانـای خۆی دژی پادشای فارس تەرخان کرد. پیسیاسی خوشکەزای هیرمیاسـیش بـوو بەهاوسـەری فەیلەسـوفەکە، وادیـارە زەماوەندێکی کامەران بووە. پشـکنینی بنـەماکانی بایۆلۆجیـا دەریاییەکەی ئەرەستۆ، دەریخستووە کە زانیاری ئەو دەربارەی بابەتەکـە، بـە شـێوەیەکی تایبـەتی بـۆ کـەنارە ئیۆلییـەکانو دوورگەکانی دیش پێویست بووە، ئەمە ڕۆشنایی دەخاتە سـەر ئـەو ماوەیـەی لەگـەل هیرمیاسـی هاوڕێیـدا بـووە، ڕێشـی تێدەچێت ئەفلاتونی مامۆستای درکـی بـە بیرتیـژیو زرنگـی قوتابییەکـەی کردبێـت، ئـەو لێکۆلینـەوە تایبەتییانـەی لـە ئـەکادیمیادا ئەنجامیـداون، وەك ئەوانـەی سپیۆسیپۆسـی خوشکەزاو جێنشینی ئەفلاتوون، بەشێکی زۆریـان بـایۆلۆجی بوون. دەشزانین کە ماوەیەکی کورت دوای مردنی ئەفلاتون، ئەرەستۆ یەکێك بوو لەوانەی تێبینییەکانی خۆیـان دەربـارەی وانە چاپنەکراوە نێودارەکەی مامۆستاکەیان (دەربارەی چاکە) بـلاو کـردەوە. لـە سـالی 343 دا، هیرمیـاس لـە میـانی

پشێوییەکەی وڵاتی فارسدا، تیرۆرکرا، ئەرەستۆش بە سرودێك یادی کردەوەو باسی نیکی یەزدانییانەی ژیانی هاوڕێکەی کرد. دواتر گوێزرایەوە بۆ دادگای مەکەدۆنیاو



ئەفلاتون

لەوێ بوو بە مامۆستای شازادەی جێنشینی تاج کە لەو ماوەیەدا (ساڵی 343) کوڕێکی تەمەن سیازدە ساڵان بوو. دواتر، بە هاوکاریی فەیلەسوفە مەزنەکەو پادشای مەزنیش، بوو بە ئەسکەندەری مەزن. ئەندێشەیەکی تیژو کراوەی هەبوو. لە نوسینەکەی پلۆتارکدا بەناونیشانی (ژیانی ئەسکەندەر)، کاریگەریی هزری فەلسەفییانەی ئەرەستۆ، لەسەر ئەسکەندەر بەزەقی دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێناچێت کاریگەریی ئەرەستۆ بەشدارییەکی زۆری کردبێت لە دروستکردنی کەسێتی ئەسکەندەردا.

ناحەزیی ئەرەستۆ بەرامبەری پادشاو جێنشینەکانیشیان، بە ئاشکرا لە نوسینەکانیدا لەمەڕ ئامارو سیاسەت، بەدیدەکرێت، دەوڵەتشارێکی خۆبەخۆی بچووکی بێ تەماحی سیاسی، کە ئەرەستۆ خۆی بۆ تەرخان کردبوو، لای فیلیپ یان ئەسکەندەر زیاتر وەك شوێنەوارێکی جێماو وەهابوو. تاقە بەڵگەی هاوزەمان بۆ پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابییەکەی، رستەیەکە لە نامەیەکدا هاتووە کە ئایزۆکراتی ئەسینایی بۆ ئەسکەندەری لاوی ناردووەو بە شێوەیەکی فێڵبازانە پیرۆزبایی لە میر دەکات لەوەی رەوانبێژیی هونەری ئاخاوتنی گشتیی بەدڵەو گوێناداتە لۆجیك. ئەرەستۆ سۆزێکی کەمی بەرامبەر تەماحی قوتابییەکەی هەبوو، ئەمەش لەو راستییەدا بەرچاودەکەوێت کە تیورییە سیاسییەکانی ئەرەستۆ لەو ماوەیەدا کاریان تێدا کراوە کە ئەسکەندەر هیلینییەکانی جۆش دەدا بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانی، تیورییەکان هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نیە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستمی کۆمەڵایەتییدا روویان دەدا. لەمبارەیەوە ئەرەستۆ پێمان دەڵێت، ئەگەر ئەسکەندەر نەبوایە، لەوانەبوو ئەو دەوڵەتشارە بچووکە دوایین وشەی پەرەسەندنی سیاسیی هیلینییەکان بوایە. رێیتێدەچێت هەڵبژاردنی ئەرەستۆ، کە هێشتا وەکو بیریارێکی سەربەخۆ نەناسرابوو، تا بەشداریبکات لە پەروەردەکردنی میری تاجەکەدا، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆرەتە کەمەی هەیبوو، ئینجا پەیوەندیی خێزانەکەی بەکۆشکەوە، کە هەردوکیان پێکەوە لەبەرچاوگیران، لەپاڵ پایەی خۆشیدا وەك قوتابی ئەفلاتون. دەستێوەردانی ئەو لە کاروباری گشتی سیسیلیدا بووە هۆی ئەوەی ئەکادیمیاکەی وەکو ماڵی تایبەتی بایەخدانی زانستییانە بە سیاسەتو یاسا لەقەڵەمبدرێت. رێیتێدەچێت ئەسکەندەر لەمیانی داگیرکارییەکانیدا بواری هەبووبێت نمونەی گیانەوەرەکان بۆ مامۆستاکەی کۆبکاتەوە. ئاشکرایە کەسێتی هەردوکیان ئەوەندە لە یەکتریی جیاواز بووە، کە رێگەیان نەداوە هیچیان کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر ئەوەی تریان هەبێت.

لەساڵی 336 دا، لەناکاو ئەسکەندەر لەلایەن بکوژی باوکییەوە بۆ وەرگرتنی تاجی مەکەدۆنیا بانگهێشتکرا، ئیتر پێویستی بە خزمەتەکانی ئەرەستۆ نەما، ئەویش گەڕایەوە بۆ ئەسیناو خۆی بۆ کاری زانستی تەرخانکرد. رێك لەو

کاتەشدا بەهۆی مردنی سپیسیپۆسی کۆنە یاریدەدەری خۆی لە لێکۆڵینەوە بایۆلۆجییەکاندا، سەرۆکایەتی ئەکادیمیا چۆڵ ببوو. ڕەنگە ئەرەستۆ دڵی شکابێت لەوەی قوتابخانەکە ئەویان نەخوێندەوەو زینۆکراتی خالیدۆنییان بە سەرۆکی تازە هەڵبژارد. وادیارە لەوە بەدوا هەرگیز جارێکی دیکە پەیوەندیی بە ئەکادیمیاوە نەکردووەتەوە، لە ساڵی 335 دا، لە پاڵ پەرستگاکەی ئەپۆلۆدا لە لیسیۆس پەیمانگایەکی ڕکابەری ئەکادیمیای لە لایسییەم یان جیمناسیۆم دامەزراندو ژمارەیەکیش لە ئەندامانی ئەکادیمیا شوێنی کەوتن‌و گواستیانەوە بۆ لای ئەو. وانەکانی ئەرەستۆ لە پریپاتۆس واتە لەناو ڕاڕەوەکەی جیمناسیۆمدا، وتراونەتەوە، هەربۆیەشە قوتابخانەکە ناوی پریپاتێتیکی وەرگرت. ماوەی دوازدە ساڵی داهاتوو، ئەو دامەزراوەیە بنکەی تۆژینەوەو تێرامان ولێکۆڵینەوە بوو بۆ ئەرەستۆ. سەرقاڵی نوسینەوەی کۆرسی وانەکانی بوو دەربارەی پرسیارە زانستی‌و فەلسەفییەکان. جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەم قوتابخانە نوێیەو ئەکادیمیادا ئەوەیە کە: لە کاتێکدا بایەخدانی زانستی لای ئەفلاتونیەکان لەسەر ماتماتیك سەنتەری گرتبوو، لە لایسیەم شێوازی سەرەکی تۆژینەوەی زانستی لە توێی بایۆلۆجیاو مێژووەوە ئەنجامدەدرا.




ئەسکەندەر هەتا کۆتایی ژیانی، مامۆستا کۆنەکەی خۆی لەیاد نەکرد، ناسیاوێکی ئەرەستۆ کە ناوی کالێستنێیسە وەك لێکۆڵەرێکی مێژوو پەیوەندیی بە هەڵمەتەکەی ئەسکەندەرەوە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی جارێکیان لۆمەی پادشای کرد لەسەر ئەوەی پایە نیمچە دەستورییەکەی خۆی بەرامبەری هیلینییەکان وەکو فەرمڕەوایەکی ڕەهای خۆرەڵاتی بەکار دەهێنێت، ڕووبەڕووی ڕق و تووڕەیی ئەسکەندەر بووەوە. سەرەنجام بە پیلانگێڕان بۆ تیرۆرکردنی ئەسکەندەر تاوانبار کرا، ئیتر یان لە سێدارە درا، یاخود وەك هەندێك دەڵێن فڕێ درایە زیندانەوەو پێش ئەوەی دادگایی بکەن، مرد. دەڵێن گوایە ئەسکەندەر بەهۆی ئەم ڕوداوەوە لە لایەن ناسیاوێکی ئەرەستۆوە، ئەسکەندەر گومانی لەویش پەیدا کردووەو، بیری لە تۆڵەستاندنەوە کردۆتەوە. بەڵام

خۆشبەختانە لە کاتی داگیرکردنی هیندستاندا بە هۆی مەسەلەیەکەوە ئەرەستۆیان لە ئەنجومەنەکەی ئەرەستۆ دوورخستەوە.

لە ساڵی 323 دا ئەسکەندەر مردو پشێوییەکی کورتخایەن بەڵام پڕ هەراو زەنا لەئەسینادا بەرپا بوو. ئەرەستۆش بە خزمایەتی دەگەڕایەوە بۆ مەکەدۆنیا، بۆیە ئەویش بوو بەقوربانی، لە سەر سۆزی بەرامبەر فیلیپ و ئەسکەندەر، وەك سۆکرات تۆمەتی بێ دینی درایە پاڵی و سزای مەرگی بەسەردا درا. بەهانەی ئەوەش شیعرەکەی بیست ساڵ لەوەبەری بوو بەبۆنەی مەرگی هیرمیاسەوە، کە تیایدا هاوڕێکەی تا ئاستی خوداوەندەکان شکۆدارکردبوو. هەرچۆن بێت، ئەمە بیانوویەك بوو، تۆمەتە راستەقینەکە سیاسی بوو، ناسیاوێتی ئەو بوو لەگەڵ سەرکردە مەکەدۆنییە ناخۆشەویستەکەدا. تاوانبارکردنەکە مەترسیدار بوو، ئەرەستۆو قوتابییەکانی روویانکردە کالیکس، شارەکەی دیکی ستاگیرۆسی ناسیاوی. ساڵی دواتر لە تەمەنی شەستودوو یان سێ ساڵییدا، لەوێ مرد.

بەهۆی ئەو پەیکەرو وێنە نەخشێنراوانەی بۆ ئەرەستۆ دروست کراون، بە سیمای ئاشنابووین، پیاوێکی قۆز بووە، پەیکەرەکان زیاد لەپێویست زێدەڕۆییان لەمەدا کردووە، لە لێکۆڵینەوەی نوسینەکانی ئەوەوە نەزکێمان لا دروست دەبێت کە پەیکەرتاشەکان زیادەڕەوییان کردووە لە قۆزکردنی ئەرەستۆدا. گێڕانەوەکان مۆرکێکی نیانی و ناسکی پێدەدەن، زۆر بایەخی خۆی نەداوە. وەسێتنامەکەی پێوەی دیارە کە خێزانێکی کامەرانی هەبووەو بایەخیداوە بە ئایندەی منداڵەکانی و خزمەتکارەکانی. دووجار ژنی هێناوە، یەکەمجار پیسیاسی مارە کردووە، دووەمجاریش لەگەڵ هێرپیلیسدا زەماوەندی کردووەو لەمیان کوڕێك و کچێکی لێجێما، کوڕەکەی ناوی نیکۆماخۆس بوو. هێرپیلاس لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆر باش بوو، ئەویش لەچەند بڕگەیەکی وەسێتنامەکەیدا باسی کردووەو میراتی بۆ تەرخان کردووە، هەروەها هەستوسۆزی خۆی بەرامبەر پیسیاسی هاوسەری کۆچکردووە بەوە دەربڕیوە کە دەڵێت هەرچیەکی لێجێماوە لەپاڵمدا بیخەنە چاڵەوە. خزمەتکارەکانیشی لەیاد نەچووەو بەشی ئەوانیشی جیاکردۆتەوە، ئەمەش دەیدەخات کە فەیلەسوفەکەمان گوزەرانی لە ئەفلاتون خۆشتر بووە.

## کارەکانی ئەرستۆ

مەسەلەی کارەکانی ئەرەستۆ بەرەورووی گرفتێکی بنەڕەتیمان دەکاتەوە. کاتێك لە ئەفلاتونەوە دەچینە سەر قوتابییەکەی، وەك ئەوە وایە گواستبێتمانەوە بۆ کەشوهەوایەکی جیاواز. ئەفلاتون شێوازێکی هەیە رەنگە سەرنجڕاکێشترین بەرهەمهێنراوی نوسراو بێت. لە هیچ شوێنێکی دی کۆمەڵە نوسراوێکی تری ئاوا زرنگ و ئەندێشە بەرین، لۆجیکێکی ئاوا روون، ئەقڵێکی ئاوا تیژو قۆشمە نادۆزینەوە. بەڵام شێوازی ئەرەستۆ وشك و رەسمیە. زمانی زبرەو پڕێتی لە تەکنیك، هەستوسۆزی کەم تێدایە، شێوازێکی تۆکمە، بە راشکاوی سادەترین ڕێسای داڕشتن پیشێلدەکات. کاتێك دەبینین نوسەرانی دوای خۆی لە نمونەی سیسیرۆ ستایشی شێوازی زێڕین و قەشەنگی ئەرەستۆ دەکەن، ئەوەندەی تر سەرسام دەبین. رونکردنەوەی ئەم مەتەڵە شتێکی سانایە. ئەفلاتون و ئەرەستۆ دوو کەسن کە ئێمە پێیاندەڵێین پرۆفیسۆرو پیاوی نوسین، هەردوکیان بۆ بەکارهێنانی گشتی نوسیویانە، هەردوکیان کۆرسی وانەوتنەوەیان بۆ دەستەیەك خوێندکاری هەڵبژاردە کردۆتەوە. وانەکانی ئەفلاتون بە نەمریی ماونەتەوەو کتێبەکانی گەیشتونەتە دەستی ئێمە، بەڵام بەشی زۆری کتێبەکانی ئەرەستۆ ون بوون، بەڵام زۆرێك لە وانەکانیمان لەبەردەستایە. سیسیرۆ سەرسامبوو لە دایالۆگی درەوشاوەی ئەرەستۆو کارەکانی ئەوی پاراستووە. ئەو کارانە بوون بە مۆدێلێك بۆ نوسینەکانی سیسیرۆو ئەویش هاوشێوەی ئەو نوسێوێتی. بەڵام هیچیان نەماونەتەوە، ئەندە هەیە کە هەندێك لەپەرەگرافەکانی لەلایەنی نوسەرانی ترەوە خواستراونەتەوە. کارەکانی ئەرەستۆ لەڕاستیدا ئەو دەستنوسانەن کە

قوتابییەکانی سەرپەرشتییان کردووە، ئەمەش لە بەڵگەدەرەکیو ناوەکییەکانەوە بە روونی دەردەکەوێت. لەنمونەیەکدا دوو پاکنووسمان لەبەردەستایە. ئێتیکەکەی ئەرەستۆ یاخود چەند گوتارێك دەربارەی دەستپێکردن کە بە دوو شێوە گەیشتۆتە دەستمان: ئەوەی پێی دەوترێت ئێتیکی نیکۆماخی، کوڕی فەیلەسوفەکەمان پاکنوسیکردووە کە ئەویش ناوی نیکۆماخۆسە. ئەو کتێبە هەموو وانە زارەکییەکانی ناو کۆرسەکانی تێدایە، لەگەڵ کۆپییەکی زیاتر کراوەو سەربەستی ئودیمۆسی ماتماتیکزان کە قوتابی ئەو بووە، ئەمیان بە ناوی ئێتیکی ئێودیمیانەوە ناسراوە. لەم ساڵانەی دواییشدا لە ناو لمی وڵاتی میسردا، نوسراوێکمان دۆزییەوەو بۆمان دەرکەوت یەکەمین نمونەی نوسینی ئەرەستۆ خۆیەتیو خەڵك بە شێوەیەکی بەرفراوان خوێندوویانەتەوە، ئەویش وتاری لەمەڕ دەستورەکەی ئەسینایە. شێوازی ئەم وتارە ئاسانو جەماوەرییە، دەریدەخات کە ئەرەستۆ دەتوانێت زۆر روونو راشکاوییش بنوسێت.

(2)

## پۆلاندنی زانست: میتۆدی زانستی

دەشێت بڵێین فەلسەفە وەك ئەرەستۆ لێی تێگەیشتووە، رێکخستنی زانینە پەرتوبڵاوەکانە، ئەو زانینەیە کە لەبەر هێوریەکەی بە دوایدا وێڵین، نەك وەك مەبەستە سەرەکییەکانی سوودگەرایی. پاڵنەری ئەو هێورییە کرێسی یا سەرسوڕمانە کە ئەرەستۆ بە شتێکی خۆڕسکی مرۆ دایدەنێت، هەربۆیەشە هەتا شارستانێتی ئەوەندە پێش نەکەوێت کەتەدارەکی تۆکمەی خۆی بکات دەربارەی مادە پێویستەکانی ژیان، ئەو زانینە تەواو کامڵ نابێت. لە سەرەتادا کرێسی مرۆڤ بە ئاراستەی "کارە سەراسیمەکەرەکانی" جیهانی فیزیکی بووە، رووەکەکان، سووڕی جولانیان، سوڕی وەرزەکان، رەشەبا، هەورە بروسکەو هەورە گرمە، شتی تریش. بۆیە لەسەرەتادا یۆنانەکان لە گرفتەکانی فەلەکناسیو کەشوهەوا راماون. پاشان کاردانەوەکە


ئەرستۆ

پەرەیسەندوو، لە شکڵە ئەندازەییەکانو ژمارەکان رامان. ئەگەری ئەوەی زانیارییەکی دڵنیامان هەبێت، لە پرەنسیپە باوەکانو لقەکانی لێکۆڵینەوەی پرەنسیپە تایبەتییەکاندایە، کە لە هەندێك لقی زانیندا گریمانە کراون. دواجار فەلسەفە بوو بە لێکۆڵینەوەی پەرتوبڵاوی هەموو بەشێکی بوونو واقیع. چونکە ئەرەستۆ پێیوابوو (وەك دواتر هیگڵیش) کە پێڕەوەکەی لە بنەڕەتدا دوایین وشەی تێرامانە، گوزارشتە لە پرەنسیپەکان، ئەوانەی دواتر هاتن بە شێوەیەکی نائاگایانە کردیان بە رێنمای خۆیان. ئەرەستۆ باوەڕی وابوو گەیشتۆتە پلەیەك بتوانێت لقەکانی زانست پۆلێن بکات، دەریبخات چۆن پەیوەندییان پێکەوە هەیەو چۆنیش لە یەکتر جیاوازن. ئێستا لەم پۆلاندنە دەکۆڵینەوە.

## پۆلاندنی زانستەکان

بۆ ئەوەی دەست پێبکەین، پێویستە فەلسەفە لە دوو ڕکابەر جیابکەینەوە، کە لە هەندێك تێڕوانینی بالاوە گرەوی لێ دەبەنەوە، واتە دیالەکتیك‌و سۆفیستری (سەفسەتە).


ئەفلاتون

دیالەکتیك هونەری ئەقلاندنی دروستە بۆ سەلماندنی دروستی‌و نادروستی پێشەکییەکان، ئەم هونەرە چەند بەکارهێنانێکی لەباری خۆی هەیەو ئێمەش لە یەکێکیان دەدوێین کە خۆی لەخۆیدا لە دروستی پێشەکییەکانی جیاواز نیە. دەتوانیت لەو پێشەکییانەوە کە پێتوایە هەڵەن، بە شێوەیەکی دیالەکتیکییانە گوزارشت لە دەرەنجامە پەتییەکان بکەیت، یاخود دەتوانیت بە شێوەیەکی ئەقلانییانە لەو پێشەکییانەوە کە بە شێوەیەکی کاتی گریمانەیان دەکەیت تا ببینیت چ دەرەنجامێك. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئامانجت ئەوە نیە ڕاستەوخۆ بە دوای ڕاستییدا بگەڕێیت. زانست یان فەلسەفە ڕاستەوخۆ مەبەستیان ڕاستییە، لێرەشەوە پێویستییان بەوەیە لەگەڵ پێشەکی دروست‌و گونجاودا دەستپێبکەن. ئەم لێکجیاکردنەوەیەی زانست‌و دیالەکتیك، ئەوەیە زانست لە پێشەکی دروستەوە دەستپێدەکات، بەڵام دیالەکتیك لەو پێشەکییانەوە دەستپێدەکات کە دروستن یا بە ڕووکەش لەدروست دەچن. سۆفیستریش بەهۆی ئەرکە ئاکارییەکەیەوە، لە زانست جیاوازەو بریتیە لە پسپۆڕیی خۆژیاندن لە ڕێگای خراپبەکارهێنانی دەرەنجامکردنەوە، فێڵی بەکارهێنانی توانا لۆجیکییەکان بۆ دەرخستنی ئەو شتانەی لە ڕووی زانستی یان ئاکارییەوە هەڵەن. "سۆفیست ئەو کەسەیە کە بژێوی خۆی بە داناییەکی ڕووکەش نەك ڕاستەقینە پەیدا دەکات". (کەواتە جەختکردنەکە لەسەر بیرۆکەی دروستکردنی "داناییەکی ناڕاستەقینە"یە، وەك بازرگانی. ئەوەی لای سۆفیست گرنگە ئەوەیە کرێکەی وەربگرێت). بۆیە زانین یان فەلسەفە بریتیە لە بەکارهێنانی نەزیهانەی تێگەیشتن لەپێناو دۆزینەوەی ڕاستیدا.

ئێستا دەتوانین لقە جیاجیاکانی زانست وەك ئەوەی پێناسەکراون لەیەکتریی جیابکەینەوە. یەکەمین و گرنگترین دابەشکردن لە نێوان زانستە ئەندێشەییەکان یان تیۆرییەکان‌و زانستە پراکتیکییەکاندایە. جیاکردنەوەی ڕوون‌و ڕاشکاو لە نێوان زانستەکان‌و هونەرەکاندایە (وەك هونەرە پیشەسازی‌و تەکنیکییەکان نەك هونەرە جوانەکان). فەلسەفەی ئەندێشەیی یان تیۆریی لەمەبەستدا فەلسەفەی پراکتیکی جیادەبێتەوە، هەروەها سەرەنجامیش لەبابەتە لێکۆڵراوەکەی‌و کاراکتەرە لۆجیکییە شێوەییەکەشی. مەبەستی یەکمیان پێشبینیکردنی نەزیهانەی ڕاستییە ناسەربەخۆکانن لە خواست‌و ئیختیاری خۆمان، ئامانجیان ئەوەیە بزانین‌و هیچی تر. بەڵام مەبەستی زانستە پراکتیکییەکان ئەوەیە بزانین، بۆ زانین نا، بەڵکو تا بەهۆی ئەو بەڵگانەوە کە بەدەستمانهێناون، بتوانین بە ڕێگای جیاجیا زانینەکەمان بگۆڕین بۆ بەهاو سود. (گرنگی ڕاستەقینەی ئەم جیاکردنەوەیە لە مامەڵەکردنی ئەرەستۆدا لەگەڵ گرفتەکانی زانستە ئاکارییەکان‌و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت. ئێمە پێویستیمان بە زانستی ئاکاری‌و کۆمەڵایەتی هەیە دەربارەی مرۆڤ، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە نا ئارەزوویەکی ڕۆشنبیری تێربکەین، بەڵکو

بۆ ئەوەی بن بە بناغەی سیستمی پێرەوکراوی خوێندنو حکومەت، سیاسەتو تیوریی فەرمانڕەوایی‌و ئێتیکیش، واتە تیوری چاکەی رەفتار، کە بەلای ئەرەستۆوە تاکە لقی سانەویی سیاسەتەو دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پراکتیکی نەك فەلسەفەی تیوری، ئەم تێڕوانینەش لە ڕێگای بەرەنجامە بایەخدارەکانەوە بەدەستدێت).

لەمەشەوە، دەگەینە ئەوەی جیاوازییەکی هاوشێوە لەو بابەتانەدا هەیە کە دوو لقەکەی فەلسەفە لێیاندەکۆڵنەوە. فەلسەفەی ئەندێشەیی‌و تیوریی بایەخدەدات بەوەی کە "ناشێت (س) شتێکی تر بێت غەیری ئەوەی هەیە" راستییەکانو پەیوەندییەکان لە ئیرادەی مرۆڤ سەربەخۆنو بوونی خۆیانیان هەیە. فەلسەفەی پراکتیکی کار بەو پەیوەندییانە دەکات کە ویستی مرۆڤ دەتوانێت مشتومالّیان بکات، "ئەو شتانەی پێویستە شتی تر بن جیا لەوەی هەن" شتە شیاوەکان (بۆ نمونە تەنها سیاسەت نا، بەلّکو پزیشکی‌و ئابوریش سەر بەزانستە پراکتیکییەکانن).

دواییان، چونکە پەیوەندییانە هەیە بەوەی "دەشێت بەپێچەوانەوە بێت" هەرگیز بە شێوەیەکی تۆکمە گەردونی نین، ئەوانە یاسای گشتیین‌و "لە زۆرینەی مەسەلەکاندا" بەباشی جێبەجێ دەکرێن، بەلاّم لە هەندێك ئاوارتەی کەمدا کە کاراکتەرکانیان دەگمەنە، بەکارنایەن. لای ئەرەستۆ جیاکاریی نێوان پێویست و دەگمەن شتێکی راستەقینەیە، بەلاّم روون نیە، هەروەها "ئەگەری ڕێنماییکەر" یش لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لە ئاراستەی ژیان دەکۆڵنەوە، روون نیە.

دەچینە سەر پرسیاری ئەوەی لەناو فەلسەفەی تیورییدا چەند لقی لاوەکی هەیە. ئەفلاتون دەیووت هیچ. هەموو زانستەکان لەیەك پرەنسیپی تاقانەوە دێن‌و ئەویش ئەرکی ئەو زانستە بالاّیەیە کە ئەفلاتون ناوی ناوە دیالەکتیکی دامەزراندن. تێڕوانینی ئەرەستۆ وا نیە. بە بۆچوونی ئەو، فەلسەفەی تیوری دەبێت بە چەند لقێکی جیاجیاوە، هەریەکەیان بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی‌و چەند پرەنسیپێکی تایبەت‌و بەلّگەنەویستی خۆی هەیە. ئەو لقانە سیان،




لێرەشدا دیسان جیاوازیی لۆجیکی لە نێوان بەرەنجامەکانی فەلسەفەی تیوری‌و پراکتیکییدا سەرهەلّدەدات. راستییە بنەڕەتی‌و گەردونییەکان قابیلی دەرەنجامکردنن، لەگەلّ پێداویستی لۆجیکیانەی پرەنسیپە بەلّگەنەویستەکان. ئەمانەی

فەلسەفەو ماتماتیك‌و فیزیا. یەکەم فەلسەفە (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە ناوی میتافیزیك)ەوە ناسرا، بەکارهێنرا بۆ گوزارشتەکەی ئەرەستۆ خۆی، بوون بەسیفەتی بوون. مەبەست لەمە ئەوەیە کە بایەخ بەو خەسلّەتە گەردونییانە

دەدات کـە دەگەڕێنــەوە بــۆ سیســتمی واقیعــی زانــراو، بــۆ پرەنسیپەکان لـە گەردوونێتی خۆیاندا. فەلسەفەی یەکـەم بـە لـە خاسییەتی ئەو فاکتـەرە هۆکارییانـە، لـەناو سیسـتمەکەدا دەکۆڵێتەوە، کە شێوەو بارستەیان نیـەو دوورن لـە هـەموو گۆڕانکارییەك. لە سیستمەکەی ئەرەسـتۆدا، خـودا هۆیـەکی باڵای لـەم چەشـنەیە، بۆیـە فەلسـەفەی یەکـەم لـە زانینـی خـودادا دەگاتـە لوتکـە، لێرەشـدا بـە روونـی پێـدەوترێت تیۆلۆجیا، شتێکیشی گرتۆتە خۆی کە تا ئەمرۆش بـۆ تیـوریی زانین تەرخانەو پێویستە بیدەینە پاڵ میتافیزیـك، لەبەرئـەوەی بایەخـدەدات بەگریمانـەی جەوهـەریی زانـینو هۆکـارە جەوهەرییەکانی بوونی راستەقینە.

ماتماتیـك مەودایـەکی تەسـکی هەیـە. ئـەوەی ئـەم لێـی دەکۆڵێتەوە بریتی نیە لە"بـوون وەك خـۆی". بـەڵام دواجـار تـەنها بـوونی راسـتەقینە فـۆرمێکی ژمـارەییو ئەنـدازەیی پیشاندەدات. ئەرەستۆ پێیوایە ژمارەو شێوە بـۆ پێناسـەکردنی ئـەو شـتانەی خراونەتـە بـەر لێکۆڵینـەوە بـەکاردێن (بۆیـە ماتماتیکزان لە فـۆرمێکی ئەبسـتراکتدا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بابەتانەدا دەکات کە دەتوانێت لێیانتێبگات)، جیاوازی نێوانی ماتماتیـكو فەلسـەفەی یەکـەم ئەوەیـە کـە " بابەتـەکانی فەلسەفەی یەکەم لە مادەو جووڵـە جیـان، کەچـی ئەوانـەی ماتماتیـك وێـڕای ئـەوەی بـۆ جووڵـە لـەبار نـین، هـیچ فراوانبوونەوەیەکی جیایان نیەو لەناو مادەدا چەسپیون". فیزیا بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوەی ئـەو شـتانەی مـادینو توانـای جوڵەشیان هەیە. بۆیە پرەنسیپی لێکجیاکردنـەوە بریتیـە لـە ئامادەیی یان بزربی بەرایینەی پانتاییـەکانی لقـە جاوازەکـانی زانست. فەلسەفەی یەکەم بـەرینترین پانتـایی هەیـە، چـونکە بەتـەواویی هـەموو زەمینـەی واقیـعو ئـەوەی قـابیلی زانینـە دەگرێتەوە، فیزیا تەسکترینیانە، چونکە تەرخانە بۆ "گەردونی گوتـار" بـە توانایـەکی دووهێنـەدەی ئـەوەی کـە هـەموو بەشدارەکانی مادینو توانـای دیاریکردنیـان هەیـە. ماتماتیـك لەناوەڕاستدایە، چونکە لەودا یەکێك لەو توانایانە لادەبرێت، بەڵام ئەوەی تریان دەمێنێتـەوە، شـێوەی ئەنـدازەیی سـنورەو تەنەکان دیاریدەکات، ژمارەی جـەبریش خەسـڵەتی تایبـەتی تەنەکانە. ئەوەشی لـەگەڵدابێت کە بەڵگەنەویستە بەراییەکان یان گریمانەکانی ماتماتیك لەچاو ئەوانەی فەلسەفەی یەکەمدا، لە سیستمێکی کەمتر سادەوە دێن، ئەوانـەی فیزیـاش لـەچاو ئەوانـەی ماتماتیکـدا کـەمتر سـادەن. ماتماتیـك پێویسـتی بـە گریمانـەی بـەرایی هەیـە، نـەك تـەنها ئەوانـەی بـۆ هـەموو بیرکردنەوەیەك باشن، بگرە ئەو بەڵگەنەویستە تایبەتانەی کـە بەس بـۆ جیهـانی شـێوەو ژمـارە دەگـونجێن، فیزیـا پێویسـتی بەبەڵگەنەویستی تریشەو تەنها بـۆ ئـەوە پیـادە دەبێـت کـە" لەجووڵەدایـە". بۆیـە هەرسـێ دیسـپلینەکە وەکـو جیـابن لەیـەکتریی ئـاوا مامەڵــەیان لـەگەڵــدا دەکرێـت، ئەوانـە بەتەواویی هاوکـار نـین، فەلسـەفەی یەکـەمیش توێکڵێکـەو ئەوانی شاردۆتەوە، بۆیە یەکەمینە.

بۆیە ئەم هێڵکارییەی خـوارەوە بـۆ پۆلانـدنی زانسـتەکان دەکێشین:




ئەرەسـتۆ فەلسـەفەی پراکتیکـی بـە هـیچ بەشـێکی لاوەکییـەوە گـرێ نـادات. قوتابییـەکانی سـێ جـۆرە دابەشبوونیان دەناسییەوە، ئێتیك (تیوری رەفتاری تاکەکان). ئابوری (تیـوری بـەڕێوەبردنی ناومـاڵ)، سیاسـەت ( تیـوری بــەڕێوەبردنی دەوڵــەت). ئەرەســتۆ دابەشــکردنی وای نەکردووە. ناوە گشـتییەکەی ئـەو بـۆ تیـوری رەفتـارکردن سیاسەتە، پێڕەوی رەفتاری تاکەکانـەو لای ئـەو لەسیسـتمی دروستی کۆمەڵگا جیانەدەکرایەوە. بۆیە ئەو وەك کۆرسێکی جیـای وانـەکان دەربـارەی رەفتـاری تاکـەکان (ئێتیـك)

دەیوتەوە، بەلایەوە گرنگ بوو کۆرسەکەی بە باسی ئەوە دەست پێبکات کە بڵێت ئەو زانستەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، سیاسەتە. هەروەها زۆرجار بەهانەیەکە بۆ کارکردن لەسەر کاراکتەری تاکەکان جیا لە پیرەوە زیاتر گشتییەکەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا. لە پۆلاندنی ئەرەستۆدا فەلسەفەی هونەر هیچ ناسینەوەیەکی تایبەتی بۆ نەکراوە. قوتابییە مۆدێرنەکانی ئەرەستۆ هەوڵیانداوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە بەوەی ئەفراندنی هونەری بخەنە پاڵ تێرامانو مەشقکردن وەکو سێهەمین فۆرمی بنەڕەتی چالاکیی زەینی، بەمەش دابەشکردنێکی سێسەرەیان بۆ تیۆریو پراکتیکیو بەرهەمداری بکەن. مەبەست لەمەش دۆزینەوەی جێگایەکە لەناو پۆلاندنەکەی ئەرەستۆدا بۆ شیعرو رەوانبێژی، واتە هونەری ئاخاوتنو نوسینی کاریگەر. بەڵام زیادکردنی لقێکی سێهەم بۆ زانست لە تێکستی ئەرەستۆدا نیە، لە هەردوو تێکستی رەوانبێژیو شیعریشدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، کە بەشداریکردنێکی وردن لە فەلسەفەدا. هەوڵدراوە ئەوانە وەك کۆکراوەی یاسا پراکتیکییەکان وەهابن بۆ داڕشتنی نامیلکە یان تراجیدیا، نەك وەك تاقیکردنەوەیەکی رەخنەیی بەشەکانی چەشەی ئەدەبی. تیوریستانی دراما لە سەدەی حەڤدەیەمدا بە وردی تێبینی ئەمەیان کردووە. ئەوان زێدەڕۆییان لە بەهای بۆچوونەکانی ئەرەستۆدا کردو خراپ لە مانای هەندێکیان حاڵی ببوون. بەڵام لە تێڕوانینیاندا بۆ کتێبی (شیعر) باش پێکابوویان. مەبەست لە (شیعر) ئەوە بووە ببێتە سەرجەمی ئەو رێسایانەی بە جێبەجێکردنیان هونەرمەند دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی شانۆییەکی سەرکەوتووی نوسیوە. ئەمەبووە هەموو فەلسەفەی ئەرەستۆ دەربارەی هونەرە جوانەکان کە بەشێك لە تیورە گشتییەکەی دەربارەی پەروەردە پێکدەهێنێت.

## میتۆدەکانی زانست

لە هێڵکارییەکەدا جێگایەك بۆ ئەوە تەرخانکراوە کە ئێمە پێیدەڵێین لۆجیكو ئەرەستۆ پێیوتووە شیکردنەوەی تیورییانەی میتۆدی زانستی، یاخود سەلماندنو هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کاراکتەری بنەڕەتی سەلماندن لە هەموو زانستەکاندا یەك شتە، ئەرەستۆ وا سەیری لۆجیکی کردووە کە لێکۆڵینەوەی میتۆدی هەموو زانستەکان بێت. دواتر ئەوە بوو بە پرسیارئەوەی ئایا دەبێت بەم رێگایە بنوارِینە لۆجیك، واتە وەك لێکۆڵینەوەی ئەو میتۆدانەی لەهەموو زانستەکاندا سەلماندن بەکاردەهێنرێن بۆ، یاخود وەك لقێکی تایبەتو دامەزرێنەری فەلسەفە. تێڕوانینە ئەرەستۆییەکە بە ناوێکەوە ناسراوە کە دواتر بە سەرجەمی کارە لۆجیکییەکانییەوە لکاوە. پێیانوترا ئۆرگانۆن، واتە"ئامێر" یان کۆی رێساکانی ئەو میتۆدەی زانست دەیخاتە گەڕ. ئەوەیە مادام لۆجیك ئامرازەکان ئامادە دەکاتو دەبێت زانست تێبکۆشێت بەهۆی ئەوانەوە بە ئاکامەکانی خۆی بگات. لێرەدا بوارمان نیە دەربارەی ئەو خاڵانە بدوێین کە بە هۆیانەوە رەسەنایەتی لۆجیکە شکڵییە ئەرەستۆییەکە دەردەکەوێتو خاسییەتە سەرەکییەکانی تیوری زانینی ئەرەستۆییشە.

### سەرچاوە

A. E. Taylor, AristotleDover Publication, 1955, pp 5-21